کەشناسیی هەرێم: لە ئەمشەوەوە بارانبارین دەستپێدەکات

کەشناسی هەرێم دەڵێت، لە ئەمشەوەوە یەکەم شەپۆلی بارانبارین دێگاتە هەرێم و سبەینێ باران بارین بەردەوام دەبێت و لە هەندێک ناوچە دەبێتە لێزمە باران.

ئەمڕۆ هەینی ١٤ـی تشرینی دووەمی ٢٠٢٥، کەشناسی هەرێم وتی، سەرەتا نمە باران لە ناوچە شاخاوییەکانی هەرێم دەستپێدەکات و پاشان رێژەی دابارین زیاد دەکات و کاریگەریی بارانبارین درێژ دەبێتەوە بۆ زەربەی ناوچەکانی تری هەرێم و سبەینێ پلەکانی گەرما چوار تا شەش پلەی سیلیزی دادەبەزن.

وتیشی، سبەینێ لە زەربەی ناوچەکان باران بارین بەردەوامدەبێت و لە هەندێک ناوچە دەگەڵێت بە لێزمە باران و هەورە تریشقە، هەروەها پێشبینی دەکرێت لە ناوچە شاخاوییە بەرزەکان و ناوچە سنووریەکان بەفر ببارێت.

دەشڵێت، پلەکانی گەرما چوار تا شەش پلە نزمدەبنەوە و خەرایی با چالاکدەبێت و لە هەندێک کاتدا دێگاتە ٣٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدا.